# شێره ژن و دووچه پکه گوڵ !

ئه گه رتۆزێک به حه وسه له وه چاوێکی به خێرای به مێژووی پڕله سه روه ری وپڕ له قوربانی و خوێنی نه ته وه که مان ، به هه موو شکان و سه رکه وتنه کانی یه وه بده ینه وه زۆر ماموستای لێزان ، زۆر رێبه ری هه ڵکه وتوو، زۆرپێشمه رگه ی پڕبه مانای وشه ی پێشمه رگه مان بووه .
هه مووی ئه و ئینسانه تێکۆشه رانه له داوێنی دایک به ر بوونه ته وه که پێی ده وترێ ژن وپه روه رده ی ماموستایه کن که پێی ده گوترێ ژن .
دیاره ئه وه ش ناشاردرێته وه که به شێک له و مرۆڤه تێکۆشه رانه ی باسمان کردن وله مێژووی کورددارڕۆڵیان بووه خۆیان دایک یا خود کیژۆڵه کانی گه ل بوون که ئه وانیش ئاماده نه بوون سووکایه تی داگیرکه رانی کوردستان ته حه موول بکه ن وشان به شانی نیوه که ی تری کۆمه ڵ ده ستیان داوه ته به ربه ره کانی و خه بات کردن .
له کوردستانی ئێمه میناخانمی خێزانی شه هید پێشه وا ، خوشکه له یلا ، و له یلا زانا، وسه دان ژنی شۆڕشگێرو سه رئه نجام زێروه شان خانمی دایکی سێ شه هیده که ی فه یزوڵڵابه گی کاتێک ته رمی پیرۆزی سێ کوری شه هیدی به سه ر سێ داره وه ده بینێ بێ ئه وه ی چاوبه فرمێسک بێ ودژمن به خۆی و شه هیده کانی خۆش بکه ده ڵێ ، داخوا که ی ئه م شۆڕه سوارانه ی من داده به زن ؟ زۆرن .
له مێژووی سی ساڵی رابردوومان دا و به تایبه تی به دژی رژیمه ناموباره که کانی ئیسلامی ئێران وتورکیه وسه ددام وئه سه ده که ی سووری ، کچه پێشمه رگه کان ودایکه دڵسۆزه کان زۆرقاره مانی هه ڵکه وتوویان پێش که ش به باره گای نه ته وه ی کورد کردووه.
زۆر دایکی وامان له م کوردستانه پیرۆزه داهه ن که پترله سێ یان چوار جگه رگۆشه یان داوه به دایکی دڵ بریندارى نیشتمان ،زۆر کچه پێشمه رگه مان له سه ر پاراستنی ته رمی بریندارى هاورێکه ی و زۆریش مان له به ندیخانه کان دا گیانی شیرینیان داوه به شه کاوه ی ئاڵای پیرۆزی کوردستان .
شێره ژنی ئه م ساڵ مان، واته سه ره تای ساڵی 2004 به ره نگ و رواڵه ت کورد نییه ، به ره گه زو ره چه ڵه ک کورد نییه ، به زمان و وڵاتیش کوردنییه.
به ڵام یه کێک له خه مخۆرانی میلله تی کورده. هه رچه ند من گه وره یی ودڵسۆزی وگیان فیدایی کیژۆڵه ودایکی کوردم له گه ڵ هیچ مرۆڤێکی سه رتۆپی ئه م زه وییه نائێمه تایی ته رازۆوه ، به ڵام هه ر له وکاته شدا نه به زی وبه ربه ره کانی دایکانی تری غه یری کوردیشم لا پیرۆزه و جا ئه گه ر بۆکوردیش بێت ئه وپیرۆزی یه به بێ شک چه ند به رابه ر ده بێ. ژنه شۆرشگێرێکی وه ک خاتوو مۆنیکا تیمن شارداری شارلتونبورگی ئاڵمان ناکرێ باس نه کرێ و له رۆژی په رده لا دان له سه ر له وحی یاد و بیره وه ری شه هیدانی کوردستان که ئه و هه ولێکی زۆری بۆ داوه رێزی لێ نه گیرێ . له وه ی که داب ونه ریتی وڵاتانی ئوروپای( قازانج ویستی ) بۆ ره وا بوونی بزووتنه وه ی کورد فرێ داوه ئه ویش به نۆره ی خۆی وه ک غه یره کوردێک به هانای خه ڵکی کوردستان وحیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانه وه هاتووه ناکرێ چه پکه گوڵی ئازایه تی پێ نه درێ .
به و راده ی که کۆماری تیرۆریستی ئێران هه وڵی دا ئه م یاده به رێوه نه چێ و هه ره شه و گوره شه ی خۆی ئاڕاسته ی خاتوومۆنیکاو وڵاتی ئاڵمان کرد و ئه م خاتوونه به رێزه گوێ بۆ قسه کانی ده م راستانی کۆماری تیرۆریستی ئێران شل نه کردووپشتی له بزووتنه وه ی کورد نه کرد. ده بێ به سوپاسی دڵسۆزانی به شدار له م بۆنه دابۆ ئازایه تی وپشت گرتنی له به رانبه رکۆماری تیرۆریستی ئێران ڕووبه روو ببێت و هه ست پێ بکات که به ته نیا نیه.
ده بێ هه ست بکات که نه ته وه یه کی مه زلوومی وه ک کوردی پاڵپشته .

خاتوومۆنیکاش ده بێ ئه وراستی یه بزانێ که وه زعی ئه مرۆی کورد کاتی یه و هه تاسه ر وانابێ وبزووتنه وه ی کوردی به ره و پێش ده روا ،و کێ ده توانێ بڵێ ده وڵه ت وڵاتی دوارۆژی نزیکی کورد یه کێک له دۆستانی ده وڵه ت وڵاتی خاتوومۆنیکا نابێت ؟ من به و خاتوونه به رێزه ده ڵێم که تازه ناوی مۆنیکاوقازی و پارێزه رانی بوێری دادگای میکۆنۆس ئه و ناوه پیرۆز و فریاد ره سانه ن که له ناو لاپه ره کانی مێژووی بزوتنه وه ی کورددا سه یر ده کرێن .

سڵاو له و رێبه ره ی فه رمووی ! هاورێیان میلله تێک چاوی له ئێمه یه ، دایکی ئه و هه موو شه هیدانه چاویان له ئێمه یه ( فه رمووده ی د . شه ره فکه ندی ) .

ئاڵی که ندی مانگی یه کی 2704 کوردی hakimrz@yahoo.com